# والینامەی

# بەناوبانگترین فیلمەکان

## ناوو وێنەو کورتیلەی چیرۆکی 200 فیلمی بەناوبانگ بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی

**چاپی چوارەم**

**بەسپۆنسەری سەرەکی**




و

**کلینکی پزیشکی پسپۆڕی راستکردنەوەی ددان د.غەریب عەلی عەبدول لەسلێمانی 07707616163**

## والی عەلی



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوک بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

**هەروەها بەسپۆنسەری**

**پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریی کەللـەتەزێن**

**گروپی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە**

**ئەکاونتی فەخامەتی جەنابم لەفەیسبوک**

**پەیجی فەخامەتی جەنابم لەئینستاگرام**

**هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ والی عەلی**

**07701393984**

**07501059610**

# پێشەکی چاپی چوارەم

ئەگەر دەروێش و شەیداو عاشقێکی فیلمی بەناوبانگ و کاریگەرو ناخهەژێنیت، یان فێرخوازێکی ئینگلیزیت یان لانیکەم گەرەکتە بەشێوەیەکی ئاسان و ناباوو جیاوازو ماندونەکەر، ئاستی ئینگلیزییەکەت بەهێزتر بکەیت لەوەی کە ئێستا تێیدایە، ئەوا ئەم کتێبە یەکێکە لەباشترین هاوڕێکانت بۆ ئەو مەبەستانە.

زمانی ئینگلیزی لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا تەقریبەن وەك ئاوو کارەباو عەنتەرنێتی لێهاتووەو زۆر پێویستە بەتایبەت بۆ کەسانی رۆشنبیرو خوێندەوار بەگشتی، بەڵام سەرباری ئەو زەرورەتە، هێشتا ژمارەیەکی زۆر کەس هەن کە ئەم زمانە نازانن یان ئینگلیزییەکەیان دوکەڵی رەش دەکات، ئەمەش بە بۆچونی بەندەی موخڵیستان کەموکورتییەکی زەبەلاحە لەو کەسەدا لەڕووی زانیارییەوەو پێویستە هەرچی زووە ئەو کەموکورتییە پڕبکرێتەوە، ئەگەرنا لەکاروانی پێشکەوتن دوادەکەوێت و ناشبێت بە کارزان!. مەبەست لەم کتێبە، وێڕای گەیاندنی پەیامە مەعریفییە جۆراوجۆرەکان، ناسکەهەوڵێکی بەندەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتییەی خەڵك.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لەناوو وێنەو ساڵی بەرهەمهێنان و کورتیلەی چیرۆکی 200 فیلمی بەناوبانگ و کاریگەر بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی و ماکیاجێکی کاڵەوە. هەر یەکێك لەم فیلمانە هێندە گرنگ و بەسودو بەچێژە کە شیاوی ئەوەن لانیکەم یەکجار بەچاوی کەوانتەرکڕینەوە سەیربکرێن. بابەتی فیلمەکانیش جۆراوجۆرن وەك مێژویی، بایۆگرافی، رۆمانسی، کۆمیدی، ئاکشن، ترسناك، درامی و هتد... هەروەها پابەند نەبوم بە تەنها فیلمی هۆلیوود بەڵکو هی بۆلیوودو فارسی و فەرەنسی و جۆری تریشم باسکردووە.

لەڕێگەی هەر یەکێك لەو کورتیلانەوە، جگە لەسودە مەعریفییەکەی، چەند وشەیەکی ئینگلیزی بەشێوەیەکی ئاسان فێردەبیت یان لانیکەم دەمەزەردی دەکەیتەوە.

هەموو هەوڵێکی خۆمم خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی کتێبەکە بێهەڵە بێت بەڵام سەرباری ئەوەش کەس بێ هەڵەو کەموکورتی نیە، بۆیە ئەگەر خوا نەخواستە هەڵەیەکی نائەنقەستت بینی، نەچی بچی بیکەی بە هۆسە، چونکە هەر لەئێستاوە داوای لێبوردن دەکەم. ئەگەر کەسێکیش تاقەتی بوو لەو هەڵە نائەقستانە ئاگادارم بکاتەوە، یان هەر رەخنەیەکی هەبوو ئەوا بێگومان هەمیشە بەسوپاسەوە دەرگای گەراجی رەخنەم کراوەیەو رەخنەگران و رەخنەچییان دەتوانن بەوپەڕی ئازادییەوە رەخنەکانیان بنێرن چونکە رەخنە ئاسۆی زانیاریی رەخنەلێگیراو فراوانتر دەکات.

ئەمەوێ زۆر سوپاسی ئەم دوو سپۆنسەرە سەرەکییەی کتێبەکە بکەم کە بەبێ ئەوان بڵاوکردنەوەی کتێبەکە بەفری، کارێکی ئاسان نەبوو:



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

**شوشەواتی ئەرینا لە سلێمانی... کۆنە دەگۆڕینەوە بە تازە: 07702246026**






پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

شوشەواتی ئەرینا لە سلێمانی... کۆنە دەگۆڕینەوە بە تازە: 07702246026




بێگومان هەر پێویستییەکی پەیوەندیدارتان بەو دوو سپۆنسەرە هەبوو بەبێ دودڵی سەردانیان بکەن و چونکە لەڕووی کوالیتییەوە لەلوتکەدان و لەڕوی نرخیشەوە زۆر گونجاون و یەك جار سەردانیش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت و هەرچەندە نرخەکانیان زۆر گونجاوە بەڵام گە لەکاتی سەرداندا بفەرمون خوێنەری (والینامەی بەناوبانگترین فیلمەکان/ چاپی چوارەم)ین،زیاتر خاترتان دەگرن.

ماوەتەوە بڵێم، هیوادارم ئەم کتێبە جێگای ڕەزامەندی خوا پاشان زۆربەی خوێنەران بێت. ئەڵێم زۆربە نەك هەموو، چونکە بێگومان ڕەزامەندی هەموان، ئاواتێکە هەرگیز نایەتە دی.


**والی عەلی**

**2018-3-8**



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

1. 12 Years a Slave (2013)
دوانزە ساڵ کۆیلایەتی





In the antebellum United States, Solomon Northup, a free black man from upstate New York, is abducted and sold into slavery.

لەسەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا، پیاوێکی رەشپێستی ئازادی دوور لە نیۆرك، دەرفێنرێت و وەك کۆیلە دەفرۆشرێت.
فیلمێکی زۆر کاریگەرەو شیاوی زیاتر لەجارێك سەیرکردنە.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

2. 2012 (2009)




A frustrated writer struggles to keep his family alive when a series of global catastrophes threatens to annihilate mankind.


هاوكات لەگەڵ روودانی زنجیرەیەك كارەساتی جیهانی كە هەڕەشەی لەناوبردنی مرۆڤایەتی دەكات، نوسەرێكی بێزار هەموو هەوڵێكی دەخاتەگەڕ بۆ رزگاركردنی خێزانەكەی لەمەرگ.

ئەم فیلمە یەكێكە لەو فیلمانەی زیاتر لەجارێك سەیرمكردووەو دڵهەژێن و كاریگەرەو بەشێوەیەك لەشێوەكان دیمەنی دنیائاخربوون دێنێتە پێشچاوو لەكاتی نمایشكردنیدا دەنگدانەوەیەكی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

3. A Killer Upstairs (2005)
بكوژێك لەقاتی سەرەوە




A woman investigates when her teenage son is arrested for his married lover's murder.

پاش ئەوەی كوڕە هەرزەكارەكەی بەتۆمەتی كوژرانی خۆشەویستە هاوسەردارەكەی دەستگیردەكرێت، ژنێك خودی خۆی بەمەبەستی دۆزینەوەی بكوژی راستەقینە، لێكۆڵینەوە دەستپێدەكات.

فیلمێكی زۆر كاریگەرەو جەخت لەسەر گەورەیی دایك دەكاتەوە كە لەهیچ حاڵەتێكدا دەستبەرداری منداڵی خۆی نابێت.

لەم فیلمەدا كە بەندە زیاتر لەجارێكم بینیوە، تراسی نێڵسۆن لەخزمەتتاندایە.

## 4. American Sniper (2014)
## نیشانپێکە ئەمەریکییەکە



Navy S.E.A.L. sniper Chris Kyle's pinpoint accuracy saves countless lives on the battlefield and turns him into a legend. Back home to his wife and kids after four tours of duty, however, Chris finds that it is the war he can't leave behind.


دەستڕاستییە کەموێنەکەی کریس کایڵ کە نیشانپێکێکێ سەربازێکی هێزە دەریایی و وشکانی و ئاسمانییەکانی ئەمەریکا بووە، لەجەنگدا ژیانی ژمارەیەکی زۆر لەهاوڕێکانی لەمەرگ رزگاردەکات و خودی خۆشی دەکاتە ئەفسانە. پاش چوار ساڵ لەخزمەتی سەربازی، ئەم پیاوە دەگەڕێتەوە بۆ لای هاوسەرو منداڵەکانی و دواتر دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ناتوانێت واز لەجەنگ بهێنێت.

ئەم فیلمە کە باس لەژیانی کایڵ دەکات و تێیدا برادلی کوپەر لەخزمەتتاندایە، زۆر کاریگەرەو لەکاتی نمایشکردنیدا لەسینەماکان، کاردانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم فیلمە هەرچەندە لێهاتویی هەندێك لەسەربازانی ئەمەریکا نیشاندەدات، هاوکات دڕندەییشیان جەختدەکاتەوە. کایڵ پاش ئەو هەموو کوشتوبڕە، دواتر لەوڵاتەکەی خۆیدا بە دەستی کەسێك کە دەووترێت لەڕوی دەرونییەوە تەواو نیە، کوژراو ئێستا بکوژەکەی لەزیندان پاڵی لێداوەتەوە.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

5. Around the World in 80 Days (2004)

بەدەروی جیهان لە هەشتا رۆژدا




A bet pits a British inventor, a Chinese thief, and a French artist on a worldwide adventure that they can circle the globe in 80 days.

گرەوێك داهێنەرێکی بریتانی و دزێکی چینی و هونەرمەندێکی فەرەنسی دەخاتەناو گێژاوی سەرکەشییەکی جیهانییەوە کە تێیدا دەتوانن لەماوەی تەنها 80 رۆژدا بەدەوری جیهاندا بسوڕێنەوە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

6. Babel (2006)




Tragedy strikes a married couple on vacation in the Moroccan desert, touching off an interlocking story involving four different families.

ژن و مێردێکی ئەمەریکی لەبیابانێکی مەغریب توشی روداوێکی تراژیدی دەبن، ئەم روداوەش کاردەکاتە سەر چوار خێزانی جیاو هۆکارەکەش تەنها تەقاندنی گوللـەیەکە.

بەڕاستی ئەم فیلمە زۆر کاریگەرەو جەختدەکاتەوە کە دەکرێ چەك چ کارەساتێك بەدوای خۆیدا بهێنێت.


لەسەر پۆستەری ئەم فیلمە نوسراوە: هەموو چەکێك رابردویەکی هەیەو هەموو گوللـەیەك چیرۆکێکی تازە ئاشکرادەکات.

لەم فیلمەدا برە سور واتە براد پیت لەخزمەتتاندایە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

7. Baby Geniuses (1999)
منداڵە بلیمەتەکان




Scientist hold talking, super-intelligent babies captive, but things take a turn for the worse when a mix-up occurs between a baby genius and its twin.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

زانایەك لێکۆڵینەوە لەسەر منداڵی بلیمەت و بانئاسایی لەزیرەکیدا دەکات. بەڵام کاتێك لەنێوان یەکێك لەو بلیمەتانەو دوانەکەی ئەو بلیمەتە لێی تێکدەچێت، شتەکان تێك دەچن.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلاێکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 8. Blindness (2008)
کوێری




A doctor's wife becomes the only person with the ability to see in a town where everyone is struck with a mysterious case of sudden blindness. She feigns illness in order to take care of her husband as her surrounding community breaks down into chaos and disorder.

سەرجەم دانیشتوانی شارۆچکەیەك بەشێوەیەکی کتوپڕو سەیر کوێر دەبن، جگە لە تەنها ژنێك کە ئەویش هاوسەری دکتۆرێکەو تەنها کەسی ئەو شارۆچکەیەیە کە دەتوانێت ببینێت. ئەم ژنە بەمەبەستی چاودێریکردنی مێردەکەی لەو شارۆچکەیەدا کە بەهۆی ئەو کوێرییەوە توشی پشێوی و تێکچون بووە، وا خۆی دەرناخات کەدەبینێت و بەهۆی ئەوەوە زۆر شتی بۆ دەردەکەوێت.
فیلمێکی کاریگەرو بەقووەتەو شیاوی سەیرکردن و تێڕامانێکی کەوانتەرکرینئاسایە!!!


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

9. Case 39 (2009)
حاڵەتی ژمارە 39




A social worker fights to save a girl from her abusive parents, only to discover that the situation is more dangerous than she ever expected.

چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی خەباتێکی زۆر دەکات بۆ رزگارکردنی کچێك لەچنگی داك و بابی کە زۆر توندوتیژن لەگەڵیدا بەڵام هەر زوو بۆی دەردەکەوێت کە دۆخەکە زۆر لەوە مەترسیدارترە کە پێشبینی دەکردو کچەکە لەکچی ئوممەتی محەمەد ناچێت و هیتلەر بەچاوییەوە پەپولەیە!



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

10. Changeling (2008)

گۆڕاو




Los Angeles, 1928. A single mother returns from work to find her nine-year-old son gone. She calls the LAPD to initiate a search. Five months later, a boy is found in Illinois who fits the description; he says he's her son. To fanfare and photos, the LAPD reunite mother and son, but she insists he's not her boy. The cops dismiss her as either a liar or hysterical. When she joins a minister in his public criticism of the police, they in turn use government power to silence and intimidate her. Meanwhile, a cop goes to a dilapidated ranch to find a Canadian lad who's without legal status; the youth tells a grisly tale.


رۆژێكی ساڵی 1928 ژنێكی سینگڵ لەشاری لۆس ئەنجلیس، پاش گەڕانەوەی لەسەر كار، دەبینێت كوڕە تەمەن نۆ ساڵەكەی دیار نیەو بێسەروشوێنە. ئەم ژنە داوا لەپۆلیس دەكا كە بەدوای منداڵەكەیدا بگەڕێن. شەش مانگ دواتر كوڕێكی خەڵكی ئیلینۆی دەردەكەوێت كە مواسەفاتی وەك كوڕەكەی ئەم

وایە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەم کوڕە دەڵێت ئەو کوڕە ونبووەیە. پۆلیس ژنەکەو ئەم کوڕە روبەڕوو دەکاتەوە بەڵام ژنەکە جەختدەکاتەوە کە ئەم کوڕە هی ئەو نیە. لەبەرامبەردا پۆلیس ژنەکە دەردەکەن و دەڵێن یان درۆدەکەیت یان تێکچویت.
ئەم ژنە نائومێد نابێت و لەهەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ دۆزینەوە کوڕەکەی. دواتر پەیوەندی بە قەشەیەکەوە دەکات و رەخنەی توند لەپۆلیس دەگرێت کە گەندەڵن. لەبەرامبەردا پۆلیس دەسەڵاتی حکومی بۆ ترساندن و بێدەنگکردنی بەکاردەهێنێت.
هاوکات پۆلیسێك دەڕواتە مەزرەعەیەکی پەڕپوت کە هی گەنجێکی کەنەدییە کە یاسایی نیەو ئەم گەنجە بەسەرهاتێکی تۆقێنەری پەیوەندیدار بە کوڕی ژنەکە دەگێڕێتەوە.
فیلمێکی زۆر کاریگەرەو جەختدەکاتەوە کە دایك چەندە بەسۆزو بە رەحمەو پۆلیسیش بەشی خۆی گەندەڵ و خراپەکارو چاکەکاری تێدایە.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

11. Crazy, Stupid, Love (2011)

شێت، گەمژە، خۆشەویستی





A middle-aged husband's life changes dramatically when his wife asks him for a divorce. He seeks to rediscover his manhood with the help of a newfound friend, Jacob, learning to pick up girls at bars.

پاش ئەوەی هاوسەرەکەی داوای جیابونەوەی لێدەکات، ژیانی پیاوێکی تەمەن مامناوەند، بەشێوەیەکی کاریگەر گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەم پیاوە پاش ئەم داواکارییەی ژنەکەی دەگەڕێ بەدوای دۆزینەوەی پیاوەتی خۆی، ئەمیش لەڕێگەی یارمەتیدانی تازەهاوڕێیەکییەوە بەناوی جاکوب و فێری دەستخستنی کچ دەبێت لەبارەکاندا.

12. Dead Man Walking (1995)

پیاوێکی مردوو دەڕوات




A nun, while comforting a convicted killer on death row, empathizes with both the killer and his victim’s families.

ژنەڕاهیبەیەك لەکاتی روبەڕوبونەوەی بکوژێکی ئیدانەکراوو حازرکراو بۆ جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانەکەی، هاوسۆزی بۆ بکوژەکەو خێزانەکانی قوربانییەکانیش دەردەبڕێت و تا لەسێدارەدانیشی هەوڵدەدات هێوری بکاتەوەو حازری بکات بۆ ئەو دنیا.

بەڕاستی ئەم فیلمە زۆر کاریگەرو ئامانجدارەو جەختدەکاتەوە کە دواجار تاوانباریش هەر مرۆڤەو شایانی بەزەییە.

13. Drunken Master (1978)

مامۆستای سەرخۆش




An undisciplined boy must learn Drunken Fist Kung Fu in order to stop an assassin.


کوڕێکی بێسەروبەر کە جاکی چان ڕۆڵەکەی دەگێڕێت، پێویستە هەرچۆنێك بێت فێری شێوازی کۆنگفۆی سەرخۆشانە ببێت بۆ ئەوەی بەر کوشتنەکانی پیاوکوژێکی پیاوکوژێکی ناوچەکەی بگرێت.

ئەم فیلمە یەکێکە لەفیلمە بەلەزەت و کۆمیدییە بەناوبانگەکانی جاکی و  یەکێکە لەو فیلمانەی زیاتر لەجارێك سەیرمکردووە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 14. Dying Young (1991)
گەنجێك لەسەرەمەرگدا




After she discovers that her boyfriend has betrayed her, Hilary O'Neil is looking for a new start and a new job. She begins to work as a private nurse for a young man suffering from blood cancer. Slowly, they fall in love, but they always know their love cannot last because he is destined to die.

پاش ئەوەی بۆی دەردەکەوێت کە کەپڵەکەی خیانەتی لێدەکات، کچێك بەدوای دەستپێك و کارێکی نوێدا دەگەڕێت و ئیشێکی نوێ دەدۆزێتەوەو دەبێتە پەرستارێکی تایبەتی کوڕێك کە توشبوی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێنە.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین


ورده ورده ئەم دوانە دەکەونە داوی خۆشەویستی یەکترەوە، هاوکات دەشزانن کە خۆشەویستییەکەیان ناتوانێت بەردەوام بێت چونکە کوڕەکە بەهۆی نەخۆشییە کوشندەکەیەوە هەنگاو بەرەو مەرگ دەنێت.
ئەم فیلمە کە تێیدا جولیا رۆبەرتز لەخزمەتتاندایە، زۆر کاریگەرەو قوربانیدانێکی کەموێنە لەخۆدەگرێت.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

15. Enemy at the Gates (2001)

دوژمن لەدەروازەکاندا




A Russian and a German sniper play a game of cat-and-mouse during the Battle of Stalingrad.

لەکاتی جەنگی ستالینگرددا لەنێوان ئەڵمانەکان و روسەکان، شەڕێکی بەلەزەتی هاوشێوەی مشك و پشیلە لەنێوان نیشانپێکێکی ئەڵمانی و روسیدا رودەدات.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

16. Field of Dreams (1989)

کێڵگەی خەونەکان




Kevin Costner is an Iowa farmer who is receiving weird messages through voices in his head to build a baseball field. Why?

کیڤن کۆستنەر جوتیارێکە لەویلایەتی ئایەوەی ئەمەریکا. چەند پەیامە دەنگێکی نامۆی بۆ دێت کە داوای دروستکردنی گۆڕەپانێکی یاری بەیسبۆڵی لێدەکەن. بۆ؟



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 17. Final Destination (2000)
## دوا مەنزڵگا




After a teenager has a terrifying vision of him and his friends dying in a plane crash, he prevents the accident only to have Death hunt them down, one by one.


پاش ئەوەی کوڕێکی هەرزەکار لەخەیاڵیدا وێنەی مەرگی خۆی و هاوڕێیانی لەڕوداوێکی تێکشکانی فڕۆکە، دێتە پێش چاو، بەر بە مردنیان لەو روداوە دەگرێت، بەڵام دواتر مەرگ بەشێوەی جیا دانە دانە خاڵ دانە دانە راویان دەکات.

ئەم فیلمە کە یەکەم فیلمی زنجیرەفێلمێکە بەهەمان ناوەوە، زۆر کاریگەرەو جەختدەکاتەوە کە هەرچی بکەیت دواجار مەرگ پشتەملت دەگرێ.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوک بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

# 18. Flightplan (2005)

## پلانی ناو گەشتی ئاسمانی




A bereaved woman and her daughter are flying home from Berlin to America. At 30,000 feet, the child vanishes, and nobody will admit she was ever on the plane.

ژنێکی کۆستکەتوو و کچەکەی لەکاتی گەشتێکی ئاسمانیدا لە بەرلینەوە بۆ ئەمەریکاو بەدیاریکراوی لەبەرزایی 30 هەزار پێوە، کچەکەی لەناو فڕۆکەکەدا دیارنامێنێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هیچ کەسێکی ناو تەیارەکە دان بەوەدا نانێن کە ئەسڵەن لەناو تەیارەکەدا بوبێت..



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

19. Friends with Benefits (2011)

هاوڕێی بەرژەوەندی





A young man and woman decide to take their friendship to the next level without becoming a couple, but soon discover that adding sex only leads to complications.

ژن و پیاوێکی گەنج بڕیاردەدەن کە هاوڕێیەتییەکەیان بگەیەننە ئاستێکی تر بەبێ ئەوەی ببنە هاوژینی یەکتر، بەڵام هەر زوو بۆیان دەردەکەوێت کە سەربارکردنی سێکس بۆ سەر هاوڕێیەتییەکەیان جگە لەئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکەیان، هیچ شتێکی تری لێناکەوێتەوە.

20. Gangs of New York (2002)

عەسایەکانی نیۆرك




In 1863, Amsterdam Vallon returns to the Five Points area of New York City seeking revenge against Bill the Butcher, his father's killer.


لەساڵی 1863 برادەرێك بەناوی ئەمستردام ڤالۆن دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەیەکی شاری نیۆرك هەوڵدەدات تۆڵەی کوشتنی باوکی لەو قەسابە بکاتەوە کە چەندین ساڵ پێشتر بە بەرچاوییەوە کوشتبوی.

لەم فیلمەدا لینۆردۆ کاپریۆو کامیرۆن دیاز لەخزمەتتاندایە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 21. Gloomy Sunday (1999)
## یەکشەممەی خەمناك





Follows three men who are in love with a most beautiful waitress: An intellectual restaurant owner, a mysterious musician and an erratic businessman; taking place during the WWII.

لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، سێ پیاو دەکەونە داوی خۆشەویستی جوانترین کچەخزمەتکاری رێستورانتێك. ئەم سیانەش خاوەنڕێستورانتێکی رۆشنبیرو موزیکژەنێکی تەمومژاوی و بازرگانێکی سەیرو نائاساییین.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 22. Gone in Sixty Seconds (2000)
## رۆشتوو لە 60 چرکەدا





A retired master car thief must come back to the industry and steal 50 cars with his crew in one night to save his brother's life.

سەیارەدزێکی بەناوبانگ کە وازی لەو کارە هێناوە، لەپێناو رزگارکردنی ژیانی براکەی، پێویستە بگەڕێتەوە سەر ئەو کارەو لەماوەی تەنها شەوێکدا هاوڕێ لەگەڵ تاقمەکەی، 50 سەیارە بدزێت.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

23. Head of State (2003)

سەرۆکی وڵات




When a presidential candidate dies unexpectedly in the middle of the campaign, Washington, D.C. alderman, Mays Gilliam is unexpectedly picked as his replacement.

لە ئەمەریکا کاتێك بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، کاندیدێکی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەگەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا عومری درێژی بۆ ئێوە جێدێڵێت، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانیی واشنتۆنی پایتەخت وەك جێگرەوەی دەستنیشان دەکرێت.




پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

فیلمێکی کۆمیدیی بەلەزەتەو جەختدەکاتەوە کە بردنەوەی پۆستە باڵاکان یان نزیکبونەوە لەو پۆستە لەلایەن کەسانی نۆرماڵ نەك هەر مەحاڵ نیە بەڵکو ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

24. Hitler: The Rise of Evil (2003)

هیتلەر: هەڵکشانی خراپەخوازێك




Profiling the life of Adolf Hitler as a child and his rise through the ranks of the National German Workers' Party prior to World War II.

باس لەژیانی ئەدۆڵف هیتلەر دەکات وەك منداڵ و هەڵکشانی لەناو پلەکانی پارتی کرێکارانی نیشتمانی ئەڵمانیا لەپێش جەنگی جیهانی دووەمدا.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 25. Hugo (2011)

## هوگۆ




In Paris in 1931, an orphan named Hugo Cabret who lives in the walls of a train station is wrapped up in a mystery involving his late father and an automaton.

لەساڵی 1931 لەشاری پاریس، منداڵێکی هەتیو بەناوی هوگۆ کابرێت کە لەسەر دیوارەکانی وێستگەیەکی شەمەندۆفێر دەژی، کار لەسەر بەئەنجامگەیاندنی شتێکی تەمومژاوی دەکات کە پەیوەندی بە باوکە کۆچکردووەکەی و مرۆڤێکی میکانیکییەوە هەیە.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

26. Hulk (2003)

زەبەلاح



Bruce Banner, a genetics researcher with a tragic past, suffers an accident that causes him to transform into a raging green monster when he gets angry.

برادەرێك بەناوی بروس بانەر كە لێكۆڵەرێكی بواری بۆماوەزانییەو رابردویەكی تراژیدی هەیە، توشی روداوێك دەبێت كە وای لێدەكات هەركاتێك توڕە بێت، دەبێتە وەحشێكی گەورەی بێحەل و هیچ كەس و هێزێك جگە لەخۆشەویستەكەی ناتوانێت ئاسایی بكاتەوە..

ئەم فیلمە خەیاڵی زانستییەو پێشمان دەڵێت كە عیشق زۆر لەچەك و تەقەمەنی و رق و قین بەهێزترە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

## 27. Inglourious Basterds (2009)
## چەقاوەسوگەلی نەناسراو



A team of Jewish American soldiers, are tasked to kill Adolf Hitler. But in Nazi-occupied France a young woman who escaped the slaughter of her entire Jewish family, is trying to figure out a way to kill Hitler and most of all a brutal Nazi Colonel.

تیمێك لەسەربازانی ئەمەریکیی جولەکە، ئەرکی تیرۆرکردنی ئەدۆلف هیتلەریان پێدەسپێردرێت. هاوکات لە فەرەنسای داگیرکراو لەلایەن نازییەکانەوە، خانمێکی گەنجی جولەکە کە تەواوی خێزانەکەی لەلایەن نازییەکانەوە کۆمەڵکوژ کراوەو خۆشی بە هەزار حاڵ رزگاری بووە، هەوڵدەدات رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ کوشتنی هیتلەرو کۆڵۆنێکی دڕندەی نازییەکان.

ئەم فیلمە کە تێیدا براد پیت لەخزمەتتانداێە، زۆر کاریگەرو ناخهەژێنەو یەکێکە لەو فیلمانەی زیاتر لەجارێك سەیرمکردووە. ئەم فیلمە جەختدەکاتەوە کە راستە نازییەکان دڕندە بون بەڵام بەخوا جولەکەش لەوان شەریفتر نین!!!

28. King Kong (2005)




After a movie crew travel to a mysterious island to shoot their picture, they encounter a giant and furious gorilla who takes their leading actress and forms a special relationship with her, protecting the beautiful lady at all costs.

پاش ئەوەی ستافی فیلمێك بەمەبەستی وێنەگرتنی فیلمەکەیان رودەکەنە دورگەیەکی تەمومژاوی، توشیان دەبێت بە توشی غۆریلایەکی زەبەلاح و تورە کە کچەئەکتەرە سەرەکییەکەی فیلمەکە دەبات و عاشقی دەبێت و پەیوەندییەکی تایبەتی بەهێزی لەگەڵدا دروستدەکات و لەو میانەیەشدا هەموو هەوڵێك دەدات بۆ پاراستنی ئەو کچە شۆخ و شەنگە. ناحەقی مەگرن چونکە نازدارە بەمانای کەلیمە (تەبعەن حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتانا!!!)

فیلمێکی کاریگەرو بەهێزەو جەخت لەسەر کاریگەری ئەو جوانییە دەکاتەوە کە ئێمەمانان ئەگەر روخسارمان ناشرین بوو بێقیمەتی دەکەین و دەڵێین ئەخلاق شەرتە!. کۆتا حیواری فیلمەکەش کە تێیدا غۆریلاکە دەکوژرێت زۆر جوانە کە دەڵێت: جوانی کوشتی.

29. Jobs (2013)

جۆبس




The story of Steve Jobs' ascension from college dropout into one of the most famous companies of the 20th century.

چیرۆکی ستیڤ جۆبز هاودامەزرێنەری کۆمپانیای ئەپڵە، لەکاتی وازهێنانی لەکۆلێژەوە بۆ ناو یەکێك لەبەناوبانگترین کۆمپانیاکانی جیهان لەسەدەی بیستەمدا.

30. Knowing (2009)

زانین




Fifty years after it was buried in a time capsule, a schoolgirl's cryptic document falls into the hands of Caleb Koestler, the son of professor John Koestler (Nicolas Cage). John figures out that the encoded message accurately lists every major disaster from the past five decades.


پاش پەنجا ساڵ لەناشتنی لەسندوقێکی کاتدا، بەڵگەنامەیەکی تەمومژاوی کچەقوتابییەك دەکەوێتە دەستی کوڕەقوتابییەك بەناوی کالیب کۆیستڵەر کە کوڕی پرۆفیسۆرێکە بەناوی جۆن کۆیستڵەر. جۆن بۆی دەردەکەوێت کە ئەو نامە کۆداوییانەی لەناو بەڵگەنامەکەدا هەن زۆر وردبینانە هەموو ئەو رووداوە سەرەکییانەی تێدایە کە لەماوەی پێنج دەیەی رابردوو، روویانداوە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

31. Left to Die (2012)

جێهێڵراو بۆ مردن




A woman takes an innocent vacation in Ecuador but ends up being wrongly imprisoned for drug trafficking.

ژنێك گەشتێکی بێگەرد بۆ ئیکوادۆر ئەنجامدەدات بەڵام دواجار بەهەڵە بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان زیندانی دەکرێت.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

32. Les Misérables (2012)

بێنەوایان




In 19th-century France, Jean Valjean, who for decades has been hunted by the ruthless policeman Javert after breaking parole, agrees to care for a factory worker's daughter. The decision changes their lives forever.


لەسەدەی نۆزدەهەمدا  لە فەرەنسا، پیاوێك بەناوی ژان فاڵژان کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ لەلایەن پۆلیسێکی دڕندەوە راوەدوودەنرێت بەهۆی پێشلکردنی ئازادبونی مەرجدارەوە، رازی دەبێت چاودێری کچی کرێکارێکی کارگەیەك لەئەستۆبگرێت. ئەم بڕیارەش ژیانیان بۆ  هەمیشە دەگۆڕێت.

ئەم فیلمە کە سەرچاوەکەی رۆمانە بەناوبانگەکەی خاڵە ڤیکتۆر هۆگۆیە بەهەمان ناوەوە، زۆر کاریگەرەو یەکێکە لەو فیلمانەی نابێت بچین نەچین سەیری نەکەین!!!



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 33. Life of Pi (2012)
## ژیانی پای





A young man who survives a disaster at sea is hurtled into an epic journey of adventure and discovery. While cast away, he forms an unexpected connection with another survivor: a fearsome Bengal tiger.

پیاوێکی گەنج پاش رزگاربونی لەڕوداوێکی مەترسیداری ناو دەریا، دەچێتە ناو گەشتێکی داستانئامێزی سەرکەشییەوە. لەکاتی ئەو گەشتەدا دەکەوێتە روبەڕوبونەوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەگەڵ پڵنگێکی مەترسیدار کە ئەویش یەکێکە لەڕزگاربووەکانی روداوەکە.

ئەم فیلمە چەند خەڵاتێکی ئۆسکاری بردووەتەوە..

34. Lion of the Desert (1980)

شێری بیابان





In the Fascist Italy Pre-World War II of Benito Mussolini, the cruel General Rodolfo Graziani is directly assigned by Il Duce to fight in the colonial war in Libya to vanquish the Arab nation. However, his troops are frequently defeated by the national leader Omar Mukhtar and his army of Bedouins. But the Butcher of Ethiopia and Libya uses a dirty war against the natives, slaughtering children, women and aged people, to subdue Mukhtar.

لەسەردەمی ئیتاڵیای فاشیی پێش جەنگی جیهانیی دووەم و کاتی حوکمی مۆسۆلۆنی، جەنەڕاڵێکی دڕندە بەناوی رۆدۆلفۆ گرازیانی ئەرکی راستەوخۆی جەنگان لەلیبیای داگیرکراوی پێدەسپێردرێت بۆ تێکشکانی نەتەوەی عەرەب لەو ناوچە ئەفەریقییەدا. بەڵام سەرباری ئەوەش هێزەکانی ئەم جەنەڕاڵە چەندین جار لەلایەن سەرکردەی نیشتمانیی لیبیا عومەر موختارو سوپا دەشتەکییەکەیەوە، دەبەزێنرێن. لەبەرامبەردا پیاکوژەکەی ئەسیوپیاو لیبیا جەنگێکی زۆر نامرۆڤایەتی لەدژی هاونیشتمانییان ئەنجامدەدات و منداڵ و ژن و کەسانی بەساڵاچوو قەتڵ و عام دەکات، لەهەوڵێکدا بۆ داپڵۆسین و کارتێکردنە سەر موختار.

ئەم فیلمە کەتێیدا ئەنتۆنیۆ کوین و ئۆلیڤەر رید لەخزمەتتاندایە، یەکێکە لەشارەکانی مێژووی فیلمسازی و مستەفا عەقادو تێیدا خەباتە کەموێنەکەی موختار جەختدەکاتەوە، یەکێکە لەو فیلمانەی زیاتر لەجارێك بینیومەو زۆر کاریگەرە، بۆیە نەچی بچی سەیری نەکەی!

## 35. Littleman (2006)
## پیاوی بچوك




A short and tiny criminal named Calvin has just committed a robbery involving stealing a precious diamond from a jewelry store along with his dim-witted partner, Percy. However, the snatch goes awry, and Calvin ends up ditching the diamond by stashing it in a woman named Vanessa's purse. Vanessa happens to be married to a wannabe-dad named Darryl. Calvin must now pose as a young infant in order to retrieve the stolen diamond. However, a simple quick-and-grab turns into a friendly relationship between Calvin and Darryl.

تاوانبارێكی بچوك و قەزەم بەناوی كالڤین هاوڕێ لەگەڵ شەریكێكی گێلی بەناوی پێرسی، ئەڵماسێكی بەنرخ لەدوكانێك دەدزێت بەڵام ئاڕاستەی ئەم دزینە بەلارێدا دەڕوات و كالڤین ناچاردەبێت ئەڵماسەكە بخاتە ناو جانتای ژنێكەوە بەناوی ڤانیسا كە هاوسەری پیاوێكی بەرزخوازە بەناوی داری و منداڵیان نیە. ئێستا كالڤین پێویستە خۆی بكات بە منداڵێكی شیرەخۆرەو بچێتە ئەو ماڵە بۆ ئەوەی ئەڵماسەكە بەدەستبهێنێتەوە، لەمیانەی ئەو پلانەشدا پەیوەندییەكی دۆستانە لەنێوان كاكی قەزەم و داریلدا دروستدەبێت.
ئەم فیلمە یەكێكە لەو فیلمانەی زیاتر لەجارێك سەیرم كردووەو یەكێكە لەفیلمە كۆمیدییە بەناوبانگەكان..

## 36. Love in the Time of Cholera (2007)
خۆشەویستی لەسەردەمی کۆلێرادا




Florentino, rejected by the beautiful Fermina at a young age, devotes much of his adult life to carnal affairs as a desperate attempt to heal his broken heart.

پاش ئەوەی لەگەنجیدا لەلایەن خانمێکی جوانەوە، ئاڕێکی پێدەدرێت، پیاوێك لەهەوڵێکی شکستخواردودا بۆ چاککردنەوەی دڵەشکاوەکەی و نەهێشتنی کاریگەری ئاڕەکە، زۆرێك لە ژیانی تەمەنی گەورەساڵی، لەقۆڕییاتدا بەسەردەبات.

ئەم فیلمە کە نوسەرەکەی مارکیزی کۆچکردووە، یەکێکە لەشاکارەکان و جەختدەکاتەوە کە عەشق چ کاریگەرییەکی هەیەو نەمرە. بەلای منەوە ئەو فیلمانەی کە تیایاندا کەسەکان گەورەدەبن و پیردەبن، کاریگەرترن. ئەم فیلمە یەکێکە لەو جۆرانەو سەرنجی ئینسان بە حەبل هێندە توند رادەکێشێت کە مەترسی پچڕانی حەبلەکە هەیە!!!!

37. Man on Fire (2004)
پیاوێك لەناو ئاگر




In Mexico City, a former assassin swears vengeance on those who committed an unspeakable act against the family he was hired to protect.


لەشاری مەکسیکۆسیتی پایتەختی مەکسیك، پیاوکوژێکی پێشوو سوێنددەخوات کە دانەدانە خاڵ دانەدانە تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە کارێکی دڕندانەیان لەدژی منداڵی خێزانێك ئەنجامداوە، کە ئەمیان بۆ پاراستنی بەکرێگرتووە.

لەم فیلمەدا دێنزڵ واشنتۆن لەخزمەتتاندایە.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

38. Man on a Ledge (2012)

پیاوێك لەسەر لێوار





As a police psychologist works to talk down an ex-con who is threatening to jump from a Manhattan hotel rooftop, the biggest diamond heist ever committed is in motion.

هاوكات لەگەڵ ئەوەی كە پزیشكێكی دەرونی سەربە پۆلیس كار بۆ بەهێمنی قسەكردن لەگەڵ كۆنەئیدانەكراوێك دەكات كە هەڕەشەی خۆهەڵدانەخوارەوە دەكات لە روكاری دەرەوەی هۆتلێكی مانهاتن، گەورەترین پرۆسەی دزینی ئەڵماس خەریكە رودەدات.

39. Message in a Bottle (1999)

نامەیەك لەبوتڵێكدا





A woman discovers a tragic love letter in a bottle on a beach, and is determined to track down its author.

ژنێك پاش ئەوەی نامەیەكی خۆشەویستی تراژیدی لەناو بوتڵێكی شوشەدا لەكەناری دەریایەك دەدۆزێتەوە، خۆی یەكلایی دەكاتەوە بۆ شوێنپێ هەڵگرتنی خاوەنی ئەو نامەیەو دۆزینەوەی.

ئەم فیلمە رۆمانسییە بەلای منەوە هەم وەك فیلم هەم وەك رۆمان، یەكێكە لەشاكارەكانی فیلمسازی و ئەدەب و زۆر كاریگەرە.

## 40. Minority Report-2002

## راپۆرتی لاوەکی




In a future where a special police unit is able to arrest murderers before they commit their crimes, an officer from that unit is himself accused of a future murder.

باس لەداهاتویەك دەکات کە تێیدا تەنەکەلۆجیا هێندە پێشکەوتووە، لەشوێنێك یەکەیەکی پۆلیس دەتوانێت قاتڵەکان پێش ئەنجامدانی تاوانەکانیان کەشف بکات و بیانگرێت، بەڵام کتوپڕ لەپێشهاتێکی سەیردا، ئەو تەنەکەلۆجیایە دەڵێت، ئەفسەرێکی خودی ئەو یەکەیە، بە نیازە تاوانێك ئەنجامبدات.
لەم فیلمەدا کە بەلامەوە سەرنجڕاکێش و موهیمە، تۆم کروز لەخزمەتتاندایە، ئەگەر چاو شتتان ویست پێی بڵێن، شەرمی ناوێ!!!

41. Mr. & Mrs. Smith (2005)

بەڕێز سمس و خاتوو سمس



A bored married couple is surprised to learn that they are both assassins hired by competing agencies to kill each other.

ژن و مێردێكی بێزار توشی شۆك دەبن كاتێك بۆیان دەردەكەوێت كە هەریەكێكیان بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن لەلایەن دوو ئاژانسی مونافسی یەكترەوە بەكرێگیراون بۆ ئەوەی یەكتر بكوژن.


فیلمێكی كۆمیدی بەهێزەو تێیدا برە سور "براد پیت"و لێوسیقەتۆرەكەی هۆلیوود "ئەنجیلینا جولی" لەخزمەتتاندایە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

42. Mrs. Winterbourne (1996)

خاتوو وینتەربۆرن




Connie Doyle is eighteen and pregnant when her boyfriend kicks her out. She accidentally ends up on a train where she meets Hugh Winterbourne and his wife Patricia who is pregnant. The train wrecks and she wakes up in the hospital to find out that it's been assumed that she's Patricia. Hugh's mother takes her in and she falls in love with Hugh's brother Bill. Just when she thinks everything is going her way, her ex-boyfriend shows up.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

کچێکی تەمەن هەژدە ساڵی سەرگەردان بەناوی دۆیلی لەلایەن کەپڵەکەیەوە دوگیان دەکرێ و دواتر ئیهمال دەکرێت. دواتر ئەم کچە بەرێکەوت سوار شەمەندەفەرێك دەبێت و تێیدا چاوی بە ژن و مێردێکی دەوڵەمەندو تازە هاوسەرگیریکردوو دەکەوێت بەناوی هوگ وینتەربۆرن و پاتریشیا. ئەم ژنەش دوگیانە. لەرێگادا شەمەندۆفێرەکە توشی روداوێك دەبێت و بەهۆیەوە پاتریشیاو مێردەکەشی لەناودەچن و دۆیلیش بێهۆش دەبێت و کاتێك لەنەخۆشخانە هۆش خۆی دێتەوە، بەهەڵە وەك پاتریشیا دەناسرێت وا دەزانن ئەوە بۆیە دایکی هوگ لەخۆی دەگرێت و نانی دەکەوێتە رۆنەوە. دواتر ئەم کچە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی براکەی هوگەوەو لەگەرمەی ئەم بەزم و رەزمەدا کەپڵەکەی کە پێشتر ئیهمالی کردبوو، دەردەکەوێتەوەو ئیشەکە تێکدەدات!!

فیلمێکی سەرنجڕاکێش و بەقووەتەو حەقە سەیربکرێت و جەختدەکاتەوە کە ئەگەر لێت قەوما نائومێد مەبە...



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 43. My Cousin Rachel -2017

راشێلی ئامۆزام



A young Englishman plots revenge against his mysterious, beautiful cousin, believing that she murdered his guardian. But his feelings become complicated as he finds himself falling under the beguiling spell of her charms.

گەنجێکی ئینگلیز پیلان بۆ تۆڵەسەندنەوە لەکچەئامۆزایەکی شۆخ و شەنگی دادەنێت چونکە پێیوایە ئەو ئامۆزایەی، پاسەوانەکەی ئەمی کوشتووە. بەڵام لەسەروبەندی پیلانەکەیدا، ئەم کچە هێندە پیس دەچەقێتە دڵییەوە، کە ئەرکەکەی زۆر قورس دەکات.

ئیمانم نەچێ و خوا پێم نەگرێ بەدوریشی مەزانن لەدڵی خۆیدا وتبێتی: هەزار پاسەوان ئەکەم بە قوربانت (بەڵام تەبعەن بە ئینگلیزی).

ئەمە یەکێکە لەسلبیاتی جوانی، هەندێ جار جوانی شێخ شێت دەکاو سەلەفیش دەکا بە یەکگرتوو ئەگەر نەشیکات بە حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری!!!!

لەم فیلمەدا رەیشل وایز رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت کە حەددی نەبێت لەڕوی جەنابتانا یەکێکە لەشۆخ و شەنگەکانی بریتانیاو هەرچەندە مۆدێل 70یە بەڵام ئەڵێی لەدایکبوی دوای راپەڕینە!!!

## 44. My Life Without Me (2003)

## ژیانم بەبێ من



A young woman conceals the fact of her terminal cancer to live her life with a passion she never had before.

پاش ئەوەی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پشکنینی پزیشکی دەریدەخات کە توشی شێرپەنجەیەکی کوشندە بووە، ژنێکی گەنج ئەم راستییە لەمێردو منداڵەکانی دەشارێتەوەو ئەو ماوە کەمەی لەژیاندا ماویەتی بە تەوس و پەرۆشییەکەوە بەسەردەبات کە پێشتر نەیبووە.

بەڕاستی ئەم فیلمە زۆر کاریگەرو ناخهەژێنە.

یا ڕەببی خوایە بەم نەخۆشییە تاقیمان نەکەیتەوە..



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوک بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 45. Night Train (2009)

شەمەندۆفێری شەو




Two passengers and the conductor discover that a man has passed away on their night train cabin. They come across a mysterious object in a box the dead man was carrying and they all wish to keep for themselves.


لەگەرمەی شەوگەشتێکی شەمەندۆفێردا، دوو سەرنشینی شەمەندۆفێرەکەو بەرپرسێکی شەمەندۆفێرەکە بۆیان دەردەکەوێت کە سەرشینێکی تری هەمان کابینەی ئەو دوانە مردووەو بە سودەفەش شتێکی نامۆ لەسندوقێکی مردووەکەدا دەدۆزنەوەو هەر یەکێك لەم سیانە هەموو هەوڵێك دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو شتە ببەن بۆ خۆیان.

بەڕاستی ئەم فیلمە زۆر کاریگەرەو بۆیە ئەگەر نەتبینیوە سەیری بکە. ئەم فیلمە جەختدەکاتەوە کە ئەگەر مرۆڤ وریا نەبێت پارە چ کارەساتێك بەسەر مرۆڤدا دەهێنێت و پێشمان دەڵێت کە تەمەنی هاوڕێیەتی نێوان تاوانباران درێژ نیەو مەترسیداریشە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

46. No Strings Attached (2011)
دەزووەکان پێکەوە نابن




A guy and girl try to keep their relationship strictly physical, but it's not long before they learn that they want something more.

کوڕو کچێك هەوڵدەدەن پەیوەندییەکەیان لەڕوی جەستەییەوە زۆر بەتۆکمەیی بمێنێتەوە بەڵام ئەوەندەی پێناچێت کە درك بەوە دەکەن کە شتی لەوە زیاتریان دەوێت.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

47. Obsessed (2009)

ئاڵودەبوو




Derek Charles has it all, a loving wife and son. He is a very successful businessman who received a promotion at his work. One day, he meets a temp worker named Lisa Sheridan, who is revealed to be a stalker. Derek rejects her advances, but the beautiful and sultry blonde does not take a "no" for an answer. Now everything that Derek has worked for, including his marriage are now in danger of being lost.

پیاوێك بەناوی دێرێك چارلز بەختەوەرەو هەموو شتێكی خۆی هەیە لەوانە ژنێكی مەحبوب و كوڕێك. بازرگانێكی سەركەوتووەو تازە پلەبەرزكردنەوەیەكی لەئۆفیسەكەی وەرگرتووە. رۆژێك چاوی بە كچەكارمەندێكی كاتی نەك هەمیشەیی ئەو كۆمپانیایە دەكەوێت كە تێیدا كاردەكات. دواتر دەردەكەوێت كە ئەم كچە بەردەوام دوای دەكەوێت. ئەم پیاوە هەوڵدانەكانی ئەم كچە بۆ لێكنزیكبونەوەی رەتدەكاتەوە بەڵام كچەكە كە شۆخێكی قژزەردی بەهێزە لەڕوی سێكسەوە گوێ بە وەڵامە نەخێرەكانی ئەم پیاوە نادات. سەرەنجام هەموو ئەو شتانەی دێرێك كاریان بۆدەكات بە هاوسەرگیییەكەشییەوە دەكەونە بەر مەترسیی لەدەستدان.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

ئەم فیلمە جەخت لەسەر کاریگەریی جوانیی خانمان دەکاتەوەو پێشمان دەڵێت هەرچەندە پیاوگەلێکی بەمانای کەلیمە پیاو هەن کە خۆڕاگرن بەرامبەر لێکنزیکبونەوەی نایاساییی خانمان، بەڵام ئەو خۆڕاگرییە نەك هەر ئاسان نیە بەڵکو زۆریش سەختەو رەنگە هاوسەنگییە جیاکانی پیاو بخاتە بەر مەترسی تێکدان. ئینجاکونێ بۆیە نەچی بچی ئەم فیلمە لەدەست خۆت بدەیت.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 48. Oliver Twist (2005)

ئۆلیڤەر تویست




An adaptation of the classic Dickens tale, where an orphan meets a pickpocket on the streets of London. From there, he joins a household of boys who are trained to steal for their master.

پاش ئەوەی هەتیوێك گیرفانبڕێكی شەقامەكانی لەندەن دەبینێت، پەیوەندی دەكات بە خانویەكەوە كە تێیدا چەندین كوڕی تر ڕاهێنانیان پێدەكرێت لەسەر دزین بۆ سەرۆكەكەیان..

ئەم فیلمە بەرجەستەكردنی یەكێكە لەشاكارەكانی چارلز دیكنز كە ڕۆمانی ئۆلیڤەر تویستەو هەرگیز كۆن نابێت.

49. Olympus Has Fallen (2013)

کەوتنی کۆشکی سپی




Disgraced Secret Service agent (and former presidential guard) Mike Banning finds himself trapped inside the White House in the wake of a terrorist attack; using his inside knowledge, Banning works with national security to rescue the President from his kidnappers.


مایك بانینگ کارمەندێکی دەرکراوی هێزی خزمەتگوزاری تایبەتی ئەمەریکایە کە پێشتر پاسەوانی سەرۆك کۆمار بووە. ئەم پیاوە پاش هێرشێکی تیرۆریستی بۆ سەر کۆشکی سپی، لەناو کۆشکەکەدا گیردەخوات. بە بەکارهێنانی زانیاریی خودی خۆی، کارکردن بە یاساو رێساکانی ئاسایشی نەتەوەیی رادەگرێ لەپێناو رزگارکردنی سەرۆکی وڵات کە لەمیانەی ئەو هێرشە تیرۆریستییەدا رفێنراوە.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 50. One Missed Call (2008)

یەك نوكە




Several people start receiving voice-mails from their future selves - messages which include the date, time, and some of the details of their deaths.


چەند كەسێك نامەی دەنگییان لەلایەن داهاتووی خودی خۆیانەوە بە تەلەفۆن پێدەگات و ئەم نامە دەنگییانەش بەروارو كات و چەند وردەكارییەك سەبارەت بە مردنی ئەو كەسانە لەخۆدەگرێت. ئەمەش ترس و تۆقینێكی عەجیب بڵاودەكاتەوە.

فیلمێكی ترسناك و بەلەزەتە!!!



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

## 51. Osama (2003)




The Taliban are ruling Afghanistan, they being a repressive regime especially for women, who, among other things, are not allowed to work. This situation is especially difficult for one family consisting solely of three women representing three successive generations. All the males in their family have died in various Afghani wars. The mother had been working as a nurse in a hospital, but regardless of she not being allowed to work, the Taliban has cut off funding to the hospital. The mother and grandmother make what they feel is the only decision they can to survive: they will have the preteen daughter masquerade as a boy so that she can get a job to support the family.

بزوتنەوەی تاڵیبان حوكمی ئەفغانستان دەكات. رژێمێكی سەركوتكەرە بەتایبەت بۆ ژنان و یەكێك لەسەركوتكارییەكانیان لەدژی ژنان، رێنەدانیانە بە كاركردن. ئەم رەوشە، بەتایبەت بۆ خێزانێك كە تەنها لە سێ ئافرەت پێكهاتوون سەختە. ئەم سێ ژنە سێ نەوەی یەك لەدوای یەكن واتە كچ و دایك و نەنك. هەموو نێرینەكانی ئەم خێزانە لەجەنگە جیاكانی ئەفغانستاندا گیانیان لەدەستداوە.
دایكی ئەم خێزانە وەك پەرستار لەنەخۆشخانەیەكدا كاری دەكرد بەڵام بە چاوپۆشین لەرێگرتنی خانمان لەكاركردن، تاڵیبان پشتگیریی دارایی لەم نەخۆشخانەیە بڕی. بۆیە دایك و نەنكی ئەم خێزانە كارێك دەكەن كە پێیان وایە تەنها بڕیارە كە دەتوانن بیدەن بۆ ئەوەی لەژیاندا بمێننەوە. ئەویش


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین


ئەوەیە کە کچەکەیان کە لەتەمەنی پێش هەرزەکاریدایە خۆی لەبەرگی کوڕدا بشارێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئیشێکی دەست بکەوێت کە لەڕێگەیەوە یارمەتی خێزانەکەی بدات.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوک بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 52. Railroad Tigers (2016)

كرێكارانی هێڵی ئاسنین




A railroad worker in China in 1941 leads a team of freedom fighters against the Japanese in order to get food for the poor.

لەساڵی 1941 كرێكارێكی هڵی ئاسنین لە چین سەرۆكایەتی تیمێكی جەنگاوەرانی ئازادیخواز دەكات لەدژی هێزەكانی ژاپۆن بەمەبەستی دەسخستنی خۆراك بۆ فەقیرەكان..

لەم فیلمەدا جاكی چان لەخزمەتتاندایەو مەعلومە جاكی لەهەر فیلمێكدا بێ بێحەلەو وەسفی ناوێت.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

## 53. Rashomon (1950)




A woodcutter and a priest sitting beneath the Rajōmon city gate to stay dry in a downpour. A commoner joins them and they tell him that they have witnessed a disturbing story, which they then begin recounting to him. The woodcutter claims he found the body of a murdered samurai three days earlier while looking for wood in the forest; upon discovering the body, he says, he fled in a panic to notify the authorities. The priest says that he saw the samurai with his wife traveling the same day the murder happened. Both men were then summoned to testify in court, where they met the captured bandit Tajōmaru (多襄丸), who claimed responsibility for killing the samurai and raping his wife.

بەمەبەستی خۆپاراستن و تەڕنەبوون بە بارانێکی لێزمە، داربڕێك و قەشەیەك لەژێر دەروازەی شوێنێکی گشتیدا دانیشتون. لەو کاتەدا پیاوێکی نەناسراویش دەچێتە لایان. ئەم دوانە بەو کەسە نەناسراوە دەڵێن کە رووداوێکی دڵهەژێنیان بینیوەو دەستدەکەن بە گێڕانەوەی. داربڕەکە دەڵێت، لەکاتی گەڕان بۆ دار، سێ رۆژ لەمەوبەر تەرمی شمشێربازێکی ساموورای بە کوژراوی بینیوەو دواتر بەپەلەو ترس و لەرزەوە رایکردووە تا دەسەڵاتداران ئاگاداربکاتەوە. قەشەکەش دەڵێت، هەمان رۆژی کوشتنەکە ئەو شمشێربازەو ژنەکەی بینیوە کە گەشتیان کردووە. دواتر ئەم دوو پیاوە بانگهێشتی دادگا دەکرێن بۆ شایەتیدان لەو بارەیەوە. لەدادگا چەتەیەکی چەکدار دەبینن کە بەرپرسیارێتی خۆی لە کوشتنی شمشێربازەکەو لاقەکردنی ژنەکەی رادەگەیەنێت.

فیلمێکی زۆر کاریگەرو ناهەژێنە.

54. Red Eye (2005)

سیخوڕی سوور



A woman is kidnapped by a stranger on a routine flight. Threatened by the potential murder of her father, she is pulled into a plot to assist her captor in offing a politician.

لەگەرمەی گەشتێکی ئاسمانیی ئاساییدا، ژنێك دەرفێنرێت و لەلایەن پیاوێکەوە کە هەڕەشەی کوشتنی باوکی دەکات، دەخرێتە ناو پیلانێکی تاوانەوە. بەپێی ئەم پیلانە دەبێت ئەم ژنە یارمەتی ئەو پیاوە بدات کە لەناو تەیارەکەدا رفاندویەتی، تا سیاسەتمەدارێك تیرۆربکات.

بەڕاستی فیلمێکی زۆر سەرنجڕاکێشە..



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

55. Rosewater (2014)

ئاوی گوڵ



Iranian-Canadian journalist Maziar Bahari is detained by Iranian forces who brutally interrogate him under suspicion that he is a spy.


مەزیار بەهاری کە رۆژنامەنوسێکی ئێرانی کەنەدییە، لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستگیردەکرێت و بە گومانی ئەوەی کە سیخوڕە، بەشێوەیەکی دڕندانە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

56. Something Borrowed (2011)

شتێکی وەرگیراو




Friendships are tested and secrets come to the surface when terminally single Rachel falls for Dex, her best friend Darcy's fiancé.

کاتێك ڕاشێل کە خانمێکی سینگڵە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی دەزگیرانی باشترین هاوڕێکەیەوە، هاوڕێیەتی دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوەو نهێنیگەلێك ئاشکرادەبن.



پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایکێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بکەین

## 57. Taken 2008

## رفێنراو




A retired CIA agent travels across Europe and relies on his old skills to save his estranged daughter, who has been kidnapped while on a trip to Paris.

پاش ئەوەی کچەکەی لەکاتی گەشتێکدا بۆ پاریس دەرفێنرێت، کارمەندێکی خانەنشینکراوی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا قاڕەیەك دەبڕێت و پاڵپشت بە سەلیقەو کارامەیی خۆی، هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ رزگارکردنی کچەکەی.

ئەم فیلمە کە تێیدا لیام نیسۆن بە رۆڵێکی زۆر جوان لەخزمەتتاندایە، کاریگەرەو چەندین شتی جوان بەرجەستە دەکات لەوانە پێمان دەڵێت ئەگەر ژن و مێرد لەیەکیش جیابونەوە نابێت ببنە دوژمنی یەك و کۆلکەی هاوبەشیان هەر دەمێنێت کە مناڵە.

58. Taken 3 (2014)

رفێنراو 3




Ex-government operative Bryan Mills is accused of a ruthless murder he never committed or witnessed. As he is tracked and pursued, Mills brings out his particular set of skills to find the true killer and clear his name.




پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

کارمەندی ناوخۆی پێشووی حکومەت بریان میڵز بە ئەنجامدانی قەتڵێکی بێڕەحمانە تۆمەتباردەکرێت بەبێ ئەوەی هیچی کردبێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەم پیاوە شوێنپێی هەڵدەگیرێت و شوێنی دەکەون، میڵز کارامەییە تایبەتەکانی خۆی دەخاتەکار بەمەبەستی دۆزینەوەی بکوژی ڕاستەقینەو پاککردنەوەی ناوی خۆی.


پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە لەفەیسبوك بلایكێنەو پەیجی ئینگلیزینامە لەئینستاگرام بفۆڵەوێنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاترتان بكەین

## 59. The Age of Innocence (1993)

## سەردەمی بەرائەت




